# چاوەڕوانی

ڕۆله هیوا

خه‌فه‌ت مه‌خۆ و

قه‌ت هه‌ست

به‌ نیگارانی مه‌که‌

ئه‌وه‌ نی یه‌

من وه‌کوو پاسه‌وانێك

له‌ به‌رده‌مت ده‌چم و دێم

بڕوا بکه‌

یه‌ك بست چی یه‌

لێت دانابڕێم

خۆشم ده‌وێ

به‌قه‌د چاوی خاك و

ئاسمان و ئه‌ستێره‌کان

له‌گه‌ڵتامه‌ له‌ ژین

له‌ مه‌رگ له‌ ناخۆشی

من ئه‌و که‌سه‌م

نێزراوی قازی پێشه‌وام

چاوه‌ڕێ ی کاروانێکم

بێت و بچێ

مرۆڤه كانی

شۆڕشگێڕ بن

كۆڵنه دەر بن

له زەبرو زەنگی  دوژمن

باكیان  نه بێ

تا  بێن  دەست  به  سەر

مه هاباد  بگرن

مناڵه كان  له ناو  خانوچكه كانی

مه هاباد  ڕووت و  قووتن

له  برسانا

سك  هه ڵدەكوشن

دایه.........دایه .!

ئه ی  كوا  باوكم ....

بۆ  وه كوو  جارانی  پێشوو

نه هاته وه

تا تفه نگێكی  بچكۆلانه م

به  دیاری  بۆ  بێنته وه

كورم  باوك  گولله یه كه

له  ناو  جه رگی  دوژمنه كانی

مه هاباد  دایه

كورم  باوكت  شه هید كرا

دارەکانی   مەهابادی

بە  خوێن  ئاودا

کورم  باوکت   نەمردوە

هەر   زیندووە....هەر  زیندووە

وا  لە  ناو دڵی   مناڵەکانی

مەهاباد  دایە

هەر دێت و  دێ

دەبێ    ڕۆژێك

دەست   بەسەر

مەهاباد   بگرێ

خالید شەیدا

هانۆڤەر / 1.8.05